پۆل گۆگان

Paul Gauguin

(١٨٤٨-١٩٠٣)[*]

نووسینی : ئەلبێرتۆ مادتینی

وەرگێرانی بە دەستکاری‌یەوە لە ئیتالی‌یەوە

«یاسینی فەقێ سەعی»

هونەرمەندی فەرەنسی «پۆل گۆگان – Paul Gauguin» لە ٧ی حوزەیرانی ١٨٤٨ لە پاریس هاتۆتە ژیانەوە ؛ لە تەمەنی (٣) سالّی‌دا لە لایەن دایك‌و باوکی‌یەوە براوەتە – پیرو Peru – بۆ ناوچەی – لیمە Lima – بۆ لای کەس‌وکارەکانی دایکی کە یەکێك‌بووە لە نەوەکانی سەرۆکی ئەو ناوچەیە ، باوکی گۆگان رۆژنامەنووسێکی سیاسی چەپرەو بووە ، لە ماوەی ئەو سەفەرە دوورو درێژەدا کۆچی دوایی کردووە ، دایکە بێوەژنەکەی گۆگان . پاش ئەم مردنە کتوپرە ، بە هەزار دەردی سەری توانیویەتی خۆی‌و دوو منالّەکەی بگەیەنێتە – لیمە – . بۆ ماوەی «٤» سالّی رەبەق لەوێ ماونەتەوە ، لە سالّی ١٨٥٢دا گەراونەتەوە بۆ فەرەنسا . .

(گۆگان)ی لاو لە (ئۆرلێئانس Orleans) خوێندنە عادەتی‌یەکان تەواو دەکات‌و لە سالّی ١٨٦٥دا لە یەکێك لە پاپۆرە بارهەلّگرەکاندا دەست دەکات بە ئیش‌کردن‌و هەر بەم پیشەی دەریاوانی‌یە لە بەهاری ١٨٧١ دا خزمەتی سەربازی کۆتایی پێ دەهێنێ .

لە هاوینی ١٨٧١دا پاش ئەوەی واز لە دەریاوانی دێنێ ، لە ئاژانسی پارە گۆرینەوەی – بێرتین Bertin – دەست بە ئیش دەکات‌و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەست پاکی‌و دلّسۆزی خۆی پیشان دەدات‌و بەم بۆنەیەوە دەکرێت بە لێپرسراوی یاری‌یەکانی – بۆرسە Borsa[1] – .

لە سالّی ١٨٧٣دا «مێتی سۆفیا گاد – Mette Sophie Gad» کچە منالّکارێکی شۆخ‌و شەنگی دانیمارکی‌بوو ، کردی بە خێزانی خۆی‌و ئیدی ژیانی تادەهات تیژرەوتر بەرەو پەیمان‌و بەلّێنە بۆرژوایی‌یەکان دەچووە پێش ، بوو بە باوکی منالاّن‌و خاوەنی پارەیەکی زۆر ، بەم توانا ئابوری‌یە کەوتە کرین‌و کۆکردنەوەی تابلۆ نوێ‌یەکانی ئەو سەردەمە ، ئەمەش تەنیا حەزێك‌بوو کە لە «دارۆزە Da Rosa»ی ئامۆژگاری کەری‌یەوە

بەشداری سەرتاپای پێشانگاکانی گروپە (انتباعی -- Impressionst) [٢] ەکان دەکات . گۆگان لە نێوانی کارکردنە ئاسایی یەکەو هونەری وێنەکێشاندا رادەمێنێ ، تووشی دودڵی یەکی گەلێ گەورە دەبێت لە هەڵبژاردنا ، بەڵام بڕوای تەواوی بەوەبوو کە دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێ‌و هەموو توانای خۆی بۆ تەرخان‌کات‌و هەتا مردن ژیانی لەگەڵدا بە سەربەرێ . . هێشتا کە کەس نەیدەزانی کامەیان هەڵدەبژێرێ .

لەساڵی ١٨٨٣دا بەبێ ئەوەی ژنەکەی ئاگادار بکاتەوە ، بڕیاری وازهێنان دەدات لە ئیش‌کردن‌و (ئاژانسی - Bertin) بەجێ دێڵێ‌و وەك شەیدایەکی هونەری وێنەکێشان دێتە پێشەوەو تابلۆو ڕەنگەکان لە ئامێز دەگرێت‌و ژیانی بۆ تەرخان دەکات . .

گۆگان بە شێوەیەك ئەم هونەرەی هەڵبژارد دەت‌ووت ڕاستەرێی گەیشتن بە ئاسودەیی‌و شادمانی مرۆڤی دۆزیوەتەوە ، وای دەبینی کە ئەم تولەرێیە (واتە هونەری وێنەکێشان) دەی‌گەیەنێتە خۆر ، بۆیە بە هیچ شێوەیەك گوێی نەدا بەوەی ئەم هەڵبژاردن‌و بڕیارە چەند دەکەوێت لە سەر خۆی‌و کەس‌و کارەکەی - پێش هەموو شتێ لە سەر ژن‌و ماڵ‌و منداڵەکانی - چونکە لە فەرەنسای ئەو سەردەمەدا وازهێنان لە کارکردنی نێو ئاژانسێکی پارە گۆڕینەوە وە خۆخەریك‌کردن بە هونەری وێنە کێشانەوە ، بڕیارێکی سەیرو جێی ڕەخنەی خەڵکی بووە . . چونکە هونەرمەندان لە هەژاری‌و برسێتی‌دا ژیاون‌و فەرمانبەرێکی وەك ئەویش دەرگای بەخت‌و دارایی یەکی باشی لە ڕوودا کرابوەوە . . بە هەرحاڵ ، خێزانەکەی لە (کۆپن هاگن) بەجێ دێڵێ‌و ڕوو دەکاتە پاریس ، بەڵام هێندە نابات دەگەڕێتەوە بۆ لایان ، لەو ماوە کەمەدا لە پاریس تووشی چەندین تەنگو چەڵەمە دێت وەك : زاڵ‌بوونی بەرهەمە بازرگانی یەکان بە سەر بەرهەمە هونەری یەکاندا ، هەژاری‌و نەبوونی‌و دەست کورتی یەکی زۆر کەوایان لە گۆگان کردبوو لە پێناوی پاروی ژیانی‌دا پروپاگەندە بە سەر دیوارەکاندا بۆی مابووەوە ، (دارۆزە) یەکێك‌بوو لەوانەی زۆربەی زۆری بەرهەمەکانی - پیسارڕۆ Pissarro --ی هونەرمەندی کۆکردبووەوە . .

گۆگان لە کاتی بێ‌ئیشی‌دا بە هاوکاری - ئێمیل Schuffenecker --ی هاوڕێی خۆی بە وێنەکێشانەوە خەریك دەکرد ، بەو هیوایەی تابلۆی هونەری‌وا وێنە بکێشێ کەجێی ڕەزامەندی خۆی‌بێت . لە ساڵی ١٨٧٦دا گەیشتە ئەو بڕوایەی یەکێك لە تابلۆکانی خۆی لە هۆڵەکەیدا هەڵبواسێ . لە ساڵی ١٨٨٠ بەدواوە ئەم خولیای وێنەکێشانەی پەرە دەسێنێ‌و

هەڵبواسێ . ئەمانە سەرەرای دەبەنگی جەماوەری پاریس کە پێکەنینیان بەکارەکانی دەهات و گاڵتەیان پێ دەکرد . هەروەها تووشی نەخۆشی یەکی سەخت بوو کە یەکسەر خۆی لە نەخۆشخانە دۆزیەوە . . ئەم هەموو خەم و ئازارو ئێشە زۆر بێشەرمانە زەق لە بەرامبەری پاکی و بێگەردی دڵ و دەروونی ئەودا راوەستابوون . لەم ماوەیەدا بۆی روون بووەوە ، کە سەرچاوەی خراپەکاری یەکان وەك حەقیقەتێك بە شێوەیەکی گشتی لە هاوڕێیەتی یەوە تووشی دەبن . بۆیە چی دی پێ ی نەکرا لە پاریس دا بمێنێتەوە . بەڵام دەبێ ئەوە باش بزانین گەرچی ژیانە تایبەتی و تاکە کەسی یەکەی هونەرمەند سێبەری ئەو دێوەزمەو چەپۆکی ئەو مەرگە ساتانەی پێ گەیشتی بەڵام هونەرەکەی هەر پاك و بێغەش و زۆر راستگۆیانە پاراستووەو تامردنیش رێگەی نەداوە پەنجەی کارەساتەکان رووی پاکی هونەرەکەی پیس بکات . .

هەتا ساڵی ١٨٨٥ لە ARouen روان)و (کۆپن هاگن) دەبێ و ئیتر بەرەو پاریس دەگەڕێتەوە . دەست دەکات بە هاتووچۆی نێوان – پاریس – و –ئینگلتەرە – ئەمەش لەبەر ئەوەی حەزی بە بینینی دیمەنی گوندەکانی ئینگلتەرە دەکردو لەوێش ژیانێکی ئاسودە دەژیا بە پارەیەکی کەم . لەم ماوەیەدا «چارلێس لاڤال – Laval» دەبینێ و هاوڕێیەتی یەکی پتەوی لەگەڵا دەبەستێ . گۆگان بۆ یەکەمین جار لە ژیانی دا بڕیاری هەڵاتن لە شارستانی یەت دەدات بەهاریکاری ئەم (لاڤال)ە . لە نیسانی ١٨٨٧دا بە جووتە بەرەو (پاناما – Panama) دەکەونە رێ و لەوێوە دەچن بۆ (مارتینیکا – Martinica –)و لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا بە نەخۆشی و لاوازی و لات و پووتی بە دوو قۆڵی دەگەڕێنەوە باوەشی شارستانی یەت – پاریس – Schuffenecker – ی هاوڕێی گۆگان لە پاریس باوەشی بۆ دەکاتەوەو ماوەیەك لەلای خۆی گلی دەداتەوە ، بەم بۆنەیەوە دەتوانێ (ڤان کوخ – Van Gogh) و (تیۆ – Teo) بناسێ و پەیوەندیان لە گەڵدا ببەستێ . چونکە ئەمانە هەردوکیان (گۆگان)یان خۆش دەویست و حەزیان بە بینینی دەکرد . جگە لەوەی بەکارەکانی سەرمەست دەبوون و شێوازو رەنگ و هونەرەکەی گۆگان کارێکی زۆری تێ کردبوون .

لە ساڵی ١٨٨٨دا ، گۆگان بەشداری پێشانگایەکی کرد کە لە لایەن (ڤان کوخ – و – تیۆ) وە سازکرابوو ، بەڵام هیچ جۆرە دەستکەوتنێکی دارایی بۆ ئەو تێدا نەبوو . هەمدیسان خەمباری و نائومێدی یەکی زۆری تووش هات ، چونکە بەو نیازەوە گەرابووەوە (Pont – Aven) (پۆنت – ئاڤان) کە تیایدا جێگیربێت . . بۆ بەرەنگاری ژیان و دەوروبەرەکەی ، گۆگان پاش ئەم نائومێدی یە ، دەستی بە کارکردنێکی بێ وچان لە بواری وێنەکێشان و پەیکەر تاشین و سیرامیك دا ، بە گرووپێ لە هونەرمەندان دەورەدرابوو لەوانە :

(Scrusier – de Haan – Laval – Bernard)

دوابەدوای ئەمە لە Arles (ئارل) هۆڵێك تەواو دەکات لە گەڵ (ڤان کوخ)دا ، لەمەشدا سەرکەوتنی تەواو بەدەست ناهێنێ ، تەواو بێزار دەبێت و روو دەکاتە ئینگلتەرە ، لەوێش بەشداری پێشانگای ساڵانەی ساڵی ١٨٨٩ دەکات ، کە لەلایەن (Cafe Volpini)[٣] یەوە رێکخرابوو . لێرەش تووشی بەدبەختی و نائومێدی دێت ، بەڵام ئەمجارەیان تەنها لەرووی دارایی یەوە ، دەنا بەرهەمەکانی گۆگان جێ ی بایەخ و سەرنجی هونەرمەندە لاوەکان و رەخنە گرەکان دەبێت ، ئەمەش ئەو سەرکەوتنە نزیك دەکاتەوە کە بەحسرەتەوە چاوەڕوانی دەکرد ، سات و سەردەمی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی هونەرمەندێتی گۆگان هێندە نەماوە لە بەرچاوی هەمووان دا ببێتە حەقیقەت .

لە کۆتایی ساڵی ١٨٩٠دا لە پاریس وەك عنصرێکی گرنگ و هونەرمەندێکی ناسراو لە سەرتاپای کۆڕو کۆبوونەوەکانی گروپە ، سیمبۆلیستەکان»[٤] دا بەشداری دەکات ، کە بە شێوەیەکی گشتی لە (Cafe Voltaire)[٣] رێکدەخرا . .

لەم بوارەدا توانی پەیوەندی یەکی توند لە گەڵ ئەمانەدا

بەستێ : (Mallarme – Aurier – Redon – Morise – Carriere) – هەروەها ناوبراوان بە : (Mirbeau) – و – (Nabis) . هەمان (Mallerme) مالارمێ) لە ڕۆژی ٢٣ی مارتی ١٨٩١دا (بانکێتۆیەك)[٥] لەسەر شەرەفی خۆی بۆ گۆگان دادەنێ‌و هەر خۆشی سەرپەرشتی دەکات . ئەمە لە کاتێکا هونەرمەند بڕیاری تەواوی خۆی دابوو بە وازهێنان لە فەرەنساو هەنگاونان بەرەو ناوچە ئیستیوائی‌یەکان بۆ گێڕانی چەند تاقی‌کردنەوەو ڕووبەڕوو بوونەوەیەك لە گەڵ سروشت‌و دیاردەکان‌و ژیان لەو ناوچانەدا . دەگاتە دورگەی (Tahiti تاهی‌تی)‌و یەکەمین ئیشی هونەری دەست‌پێ‌دەکات لە مەمەرێکا بەڵام هیچ دڵخۆش‌نەبوو ، چونکە نەیدەتوانی کەمتر لەو ئاوو هەواو شوێنە سروشتی‌و سەربەستی‌یەدا کار بکات ، چونکە هێندە ناوچەکەی بە دەوڵەمەندو هەست بزوێن بینیوە حەزی نەدەکرد هەقی تەواوی خۆیانی پێ‌نەدا و کەمتر لەوان وێنەبکێشێ . . سەر لە نوێ گەڕایەوە پاریس‌و لە ئابی ١٨٩٣ هەتا شوباتی ١٨٩٥ لەوێ مایەوە . . ئەمجارەش جگە لە بێ‌هیوابوون و خەمخواردن هیچی دیکەی لەو ژیانە دەست نەکەوت : لە لایەکەوە ئەو پێشانگایەی لە (Duran – Ruel) کردیەوە لەلایەن جەماوەرەوە بە باشی پێشوازی نەکرا ، لەلایەکی دیکەشەوە فرۆشتنی تابلۆکان بە گۆترە کارەساتێکی جەرگ‌بڕبوو ، سەردان لە ژنەکەی کە لە (کۆپن هاگن) دەژیا هیچی لە مەسەلەی بارو زروفی ژیانی گۆگان نەگۆڕی . . ئەمە سەرەڕای ئەوەی پارەو سەرمایەی میراتی مامەکەی لەسەر لەپی دەستی وەك فووی لێ بکرێت ئاوا خێرایی خەرج دەبوو ، لەولاشەوە (Annah)[٦]ی هاوڕێ‌و خوشەویستی وازی لێ دەهێنێ‌و ستودیۆی ئیش‌کردنەکەشی لێ داگیردەکات . . ئیتر گۆگان بە تەواوی بێزاردەبێت‌و بڕیاری بنەبڕی خۆی دەدا . بە وازهێنان لە فەرەنسا بۆ یەکجارەکی ، لە سەرەتایساڵی ١٨٩٥دا بەرەو (تاهی‌تی Tahiti) دەکەوێتە ڕێ . .

گۆگان هەر لە سەرەتای ژیانی‌یەوە لە (تاهی‌تی) خۆی فێری تەنیایی دەکات‌و واز لە ژنەکەشی دێنێ‌و سەرتاپای پەیوەستەکانی نێوان خۆی‌و ژیانی دەوروپشت‌و کۆمەڵ دەپچڕێنێ ، تەنیا پەیوەستێك کە هەواڵی گۆگانی بە خەڵکی ڕادەگەیاند (Daniel de Monfreid)ی هاوڕێ‌ی دەبێت . . گۆگان لە معاناتێکی چڕوپڕی «شەڕ»و «خراپە»دا دەژیا ، لە ناو گەردەلوولی چەندین پرسیاری تراژیدی بێ وەڵامدا . دەخولایەوە ، لە خۆی دەپرسی : ئێمە چین؟ لە کوێ‌وە هاتووین؟ بۆ کوێ دەچین؟ . . و هتد . بەم شێوەیە خودی خۆی بە تاڵ دەکردەوە لە سەرجەمی هیواو ئاوات‌و حەزو ئارەزووەکانی ، هەتا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە خۆی بکوژێ . لە ساڵی ١٨٩٨دا یەکەمین هەوڵی بۆدا بەڵام وادیاربوو مەرگ هێشتا ناوێرێ لە قەرەی زیندوێتی ئەو بدات – پاش ماوەیەك ووزە دێتەوە گیانی‌و دەست دەکات بە کارکردنێکی زۆرو بەردەوام . . لە ژێر باری هەژاری‌و نەبوونی‌یەکی گەلێ ئەستووردا دەژیا . . تا دەهات زیاتر هەوڵ‌و تەقەلای درێژە پێ‌دەدا هەتا لەگەڵ لێپرسراوانی دورگەکەدا دەکەوێتە ناخۆشی‌و ڕقەبەرایەتی‌یەوە ئەوان هەرگیز بە چاوێکی باشەوە سەیری ئەم پێست سپی‌یەی ناو خۆیان ناکەن‌و نەکردووە ، چونکە گۆگان بە بەردەوامی لە ناویاندا دەژیاو هەمیشەش پەیوەندی لە گەڵ هەژاران‌و داماوانی ئەو دورگەیەدا پتەو بووە . . لە بەر ئەم ڕقەبەرایەتی‌یە زۆری بۆ دێ‌و (تاهی‌تی) بەجێ دێڵێ‌و لە ترسی هەڕەشەی خاوەن کارەکان ڕوو

دەکاتە (Dominique) .

لە ساڵی ١٩٠١دا نەخۆشی‌یەکی سەختی تووش دەبێ‌و بۆ تەنیا یەك چرکە بیر لە گەڕانەوە دەکاتەوە بۆ فەرەنسا ، بەڵام (De Monfreid)ی هاوڕێ‌ی هەرزوو ئەوەی دەخاتەوە یاد کە چارە نووسی ئەو تازە دەبێ هەر لێرەبێ‌و بۆی نی‌یە بگەڕێتەوە . . لێپرسراوان‌و خاوەن کارەکان‌و دەوڵەمەندەکانی ئەو ناوچەیە ، ئامادەبوونی ئەم پێست سپی‌یە کە هەمیشە پارێزگاری لە مافی چەوساوەکان دەکات‌و دژ بە بەرژەوەندی ئەوان دەوەستێ بە کارێکی ترسناکی دەبینن‌و بەم بۆنەیەوە لە مارتی ١٩٠٣دا بۆ ماوەی (٣) مانگ لە بەندیخانەی توند دەکەن .

گۆگانی هونەرمەند لە گێژاوی ئەم خەم‌و ئێش‌و ئازارەدا ، نەخۆشی‌یەکەی تادێت پەرە دەسێنێ ، هەستی‌کرد لەم ژیانە پڕ لە هەوڵ‌و هەنگاوو بڕیارو جوڵەیەدا هیچی بۆ نەماوەتەوە لەوە زیاتر کە گوێ شل بکات بۆ ووشە پیرۆزو پڕ لە مرۆڤایەتی‌یەکانی کابرا شوانە پیرە پرۆتستانتی‌یەکەی هاوڕێ‌ی کە ناوی (Vernier) بووە .

لە ٨ی مایسی ١٩٠٣دا ، گۆگانی هونەرمەند لە نزیك هەناسەو ووشەکانی شوانەی پیرەوە ، هێدی هێدی سەرپەنجاکانی بۆ دواماڵئاوایی دەبزوێنێ‌و بۆ هەتا هەتایی چاوەکانی لە بەردەم مرۆڤ‌و سروشت‌دا لێك دەنێ . . تەنیا کەسێ کە هاواری مەرگی بە جیهاندا بانگەوازکرد ئەو شوانە پیرەبوو کە زۆر ڕاستگۆیانە بە دەم فرمێسکی ویژدانەوە دەیقیژاند : پێست سپی‌یەکە مرد . . ئەم هاواری مەرگە زۆر بە ئاسانی لە ناو داوە جاڵجاڵۆکەی ئەو هەمەجی‌یەتە پڕوپوچو بە تاڵدا تا دەهات لە گوێ وون دەبوو تا وای لێ‌هات نەدەبیسرا . .

پێست سپی‌یەکە مرد
. . . . سپی‌یەکە مرد
. . . . مرد .

چەند نموونەیەك لە تابلۆکانی :

١ - لەوەڕگا

«ساڵی ١٨٨٥ - ٦٣ × ٧٩سم» لە گالێری‌یەی هونەری هاوچەرخ لە شاری میلانۆی ئیتالیا پارێزراوە ، ئەم تابلۆیە دەگەڕێتەوە بۆ (Grassi) تابلۆکۆکەرەوە .

گۆگان لە سەرتاپای بەرهەمەکانی سەردەمی لاوێتی‌دا چەند شێوازو شێوە دەربڕینێکی لەیەکچوو هەست پێ‌دەکرێ . کە بوونەتە مۆرکی بەرهەمەکانی ئەم قۆناغەی هونەرمەند . . ئەوانەش هەر وەك (فینیۆن Feneon) دیاری‌کردوون ئەمانەن :

A– چڕی لە هێڵەکاندا ، کە پێکەوە گونجاوی‌یەکی ئاسایی‌و جوانیان هەیە .

B– درەختی باڵابەرزو چڕ ، ڕووەو ئاسمان هەڵچوون‌و لە سنووری تابلۆکان چوونەتە دەرەوە .

C– زەوی تێراوو بە پیت ، کە ئەو درەختانەی لە سەر ڕواون .

D– ئەمانە گشتی لە سروشتێکی شێداری پڕ لە ژیان‌دا کۆ کردۆتەوە

٢ - عیسای زەرد

«ساڵی ١٨٨٩ - ٩٢×٧٣سم» لە شاری» بوفالۆ Buffalo» لە گالێری‌یەی (Albright)ی هونەری پارێزراوە . . گۆگان لە ساڵی ١٨٨٨دا بانگەوازی شێوە دەربڕینە تایبەتی‌یەکەی خۆی

دەکات بەوەی دەبێ هونەرێکی» سەرەتایی‌یانەی سادەو بێ دەسکاری بەرزو پرمانا» بێنێتە کایەوە . هەر ئەمەش‌بووە مەبەستی سەرەکی‌و مەشخەڵی هەوڵ‌و تاقی‌کردنەوەکانی هونەرمەند . ئەم تابلۆیە یەکێکە لەو هەوڵ‌و تاقی‌کردنەوانە ، گۆگان لە زنجیرەی ئەو بەرهەمانەیدا ، هەروەك ئەم نموونەیەی لەبەرچاوماندایە ڕەنگە سادەو نەگۆڕو بە شەوقەکانی بەکارهێناوە . .

ئەم عیسایەی کە لێرەدا وێنەی کێشراوە ، لەو پەیکەرەی کەنیسەی «ترێمالۆ – Tremalo»ی وەرگرتووە کە لە ناوەڕاستی چەندین سەرچاوەی ڕووناکی بەخش‌دا دانراوە . .

٣ – Autoportret – وێنەی هونەرمەند خۆی –

(ساڵی ١٨٩٦ – ٤٠×٣٥سم) لە شاری (Beziers) لەلای (Mme L . Huc)ی نەوەی (De Monfreid)ی هاوڕێی گۆگان ، ئەم تابلۆیە پارێزراوە .

گۆگان ئەم وێنەیەی لە «تاهی‌تی Tahiti» کردووەو ناردویەتی بۆ هاوڕێی بەوەفاو خۆشەویستی خۆی (Daniel de Montreid) ، ئەو هاوڕێ‌یەی کە لە دواساڵەکانی ژیانی هونەرمەندا بووە تاکە پەیوەستێکی نێوان گۆگان‌و جیهان .

ئەم شاکارەی هونەرمەند یەکێکە لە تابلۆ هەرە سادەو سەربەستەکانی ، چ وەك جەوهەرو چ وەك دەربڕین‌و وێنەکێشان ، سەربەست لە هەموو جۆرە خۆ بەستنەوەیەك بەبنەماو دەستوورە باوەکانی وێنە کێشان‌و ڕەنگەکان لەو سەردەمەدا ، تەنانەت سەربەست لە دەستووری سیمبۆلی‌یەکانیش . . سێبەری ئەندێشەو خەم‌و بێزاری‌یەکی ئەستووری ئەو ساڵە تراژیدی‌یەی کە بەسەری بردووە لە سیمایدا دەبینرێت . لێرەدا گۆگان خۆی بە ڕاپەڕیوێکی هەڵاتووی ناشادمان زانیووەو هەرواش سیمای خۆی بۆ نەخشاندووین .

٤ – کچە منداڵکارە تاهی‌تی‌یەکان‌و گوڵی مانگۆ . .

(ساڵی ١٨٨٩ – ٩٤×٧٣سم) لە شاری (New York) لە مۆزەخانەی «مێترۆپۆلیتان» ، دانراوە ، ئەم تابلۆیە دەگەڕێتەوە بۆ (W. C. Osborn)ی تابلۆ کۆکەرەوە . . ئەم شێوەی نەخشاندن‌و پێشکەش‌کردنە ، لەلای گۆگان ، خاڵی بەیەك گەیشتنی نێوان حەقیقەتی سروشتی‌و ماناو مەبەستە سیمبۆلی‌یەکانە .

بیرو بۆچوونی ئەو دو کچە منداڵکارە ، بیرکردنەوەو جیهان بینی پاك‌و بێ‌گەردی سەرەتایی‌یانەی مرۆڤە بەرامبەر ژیان‌و زیندوویتی . . سەرەتایی‌یەکی پڕ لە دڵنیایی‌و ڕاستگۆیی ، هەر ئەمانەشە کە بوونەتە هۆی خۆشحاڵی دەروون‌و ناخی گۆگان . .

پەراوێز :–

(١) یاری‌یەکانی «زرسە Borsa» مەبەست لەو ئاڵوگۆڕەیە کە دەکرێت لە شێوە پارەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکە ، یان لە بانقەکاندا . وەیان هەروەك دامەزراوێکی سەربەخۆ خەریکی جێ‌بەجێ‌کردنی ئیش‌و کارەکانی ئەو ئاڵوگۆڕە دەبێ .

(٢) الانطباعية – Impressionismo ئیمپرێسیۆنیزم بزووتنەوەیەکی تەشکیلی‌یە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لە فەرەنسا سەری هەڵداو نزیکەی زیاد لە (٢٠) ساڵی خایاندووە . بە پێ‌ی ئەم بزووتنەوەیە ، گرنگی‌و ئەرکی هونەرمەند ئەوەیە کە ئینتیباعاتی بینین‌و بیروکردنەوەی خۆی پێشکەش بە جەماوەر بکات نەك وێنەگرتنی واقیعە بابەتی‌یەکە . ئەم بزووتنەوەیە ڕەنگی‌داوەتەوە بۆ بواری ئەدەب‌و مۆسیقاش . .

(٣) – Cafe Voltaire) و (Cafe Volpini) مەبەست لە دوو قاوەخانەیە کە هونەرمەندان تیایی‌دا کۆبونەتەوەو کردوویانە بە مەڵبەندی سەرجەم گفتوگۆو چاوپێ کەوتنیان .

(٤) الرمزية – Simpolismo سیمبۆلیزم – بزووتنەوەیەکی هونەری‌و ئەدەبی بووە لە فەرەنسا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا وەك شۆڕشێ لەم دوو بوارەدا سەری هەڵداوە – مەبەستی سەرەکی ئەوەبووە کە جیهانی حەق حەقیی بە چەند ڕەمزێك (یەعنی چەند Simbolo یەك) تەعبیر لێ‌بکات .

(٥) (Banchetto) – بانکێتۆ) جۆرە پێشانگایەك دەگەنێ کە لە شوێنە گشتی‌یەکاندا بکرێتەوە (لە گۆڕەپانێکدا) یان (لە سەر شەقامێك) کە چەند ستاندێك یان مێزێك دابنرێ‌و بەرهەمەکانی لە سەر چەسپ بکرێت . . (لەم شێوەی پێشانگا کردنەوەیە لەلای ئێمە نی‌یەو منیش وام بەباش زانی ئەم وشە ئیتالی‌یەی بۆ دابنێم – وەرگێڕ)

(٦) Annah – ئانە) ئافرەتێکە خەڵکی (giavo) ، هاوڕێ‌و خۆشەویستی گۆگان بووە .

لێ‌بینی :

(1 maestri del colore – No 16)

• – ئەم بەرهەمە بە زمانی ئیتالی لە ژمارە «١٦»ی (زنجیرەی مامۆستایانی ڕەنگ)ەوە وەرگیراوە . کە لە میلانۆ لە لایەن دەزگای چاپ‌و بڵاوکردنەوەی «فراتێللی فابری»یەوە لە ساڵی ١٩٦٣دا یەکەمین جار چاپکراوەو لە ساڵی (٧٦–١٩٧٧) دا بۆ دووەم جار چاپکراوەتەوە ، کە بە پێنووسی «ئەلبێرتۆ مارتینی» ژیان‌و ووتارێك لەسەر گۆگان نوسراوەتەوە . منیش کردوومە بە کوردی‌و ئەوەندەی توانیێتم بە دەسکاری خۆمەوە لە هەندێ لایەنی‌دا درێژەم پێداوە .و پەراوێزم بۆ نووسیوەتەوە . .